# وتەبێژێکی نارەسمی ناسونالیزم

(وەڵامێك بە عەلی مەحمود)

وتارێك لە ژێر ناونیشانی (هەیاسە لە ڕۆژنامەکانی حککع چ باسە) لە نووسینی عەلی مەحمود لە سایتەکان بڵاوبۆتەوە، بە پێویستی دەزانم هەڵویستەیەکی لە تەکدا بکەم..

ناسیۆنالیزمی کورد کۆمەڵێك قەڵەم بەدەستی لە ژێر ڕەهنی ئیشارەتدا ڕاگرتووە بۆ هەر کاتێك ئامارژەی بۆ کردن، کە ئێستا کاتی ئەوەیە لەسەر فلانە مەسەلە هێرش دەستپێبکەن. ئیتر ئەوانیش خۆیانی بۆ تێئەگوشن بە جۆرێك کە ڕەحم بە ویژدانی خۆشیان ناکەن و هەتا ئارەق نەکەن وازناهێنن، تا نانی خۆیان حەڵاڵ ئەکەن!

کاك عەلی بەڕێز ئەوەندەی من ئاگادارىم لە جوملەی ئەو نوسەرانە نییە کە بەشێکی بەرکەوتبێت، بەڵام هەر بۆخۆی بە تەبیعەت ئەوەندە سیاسییە بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێ درابێ ئەزانێت قۆناغی چییە و ئەرکێتی لەسەر چی بنووسێت! ئەوەندە کەم مەسرەفیشە هیچ بەرابەرێکی لێیان ناوێت! جا یان فی سەبیلە، وەیان کوردی بێ غەلوغەشە!

ناسیونالیستی کورد وە لە نێویاندا بە پلەی یەکەم یەکێتی و پارتی لە هەموو شت زیاتر کە پێی ناڕەحەت و نیگەران بن باسەکانی حزبی کۆمۆنیستە لە مەڕ کورد و ستەمی میللی و ڕێگە چارەیان، چونکە بازاڕی ئەوان و درێژەی عومریان پەیوەستە بە مانەوە و درێژەی ئەو ستەمە. هەربۆیە هەر حیزب و لایەنێك لەو ڕاستایەدا بکەوێتە کار بە هەزارویەك شێوە ڕێگری بۆ پێك ئەهێنن.

ئەڵێن حزبی کۆمۆنیست بیروباوەڕەکەی ئیستیرادە، هەڵقولاوی نێو کۆمەڵگای کوردەواری نییە، وادیارە سۆسیال- دیموکراتیکەکەی یەکێتی نیشتیمانی و دیموکراتیکەکەی پارتی دیموکرات بە ڕەسەن هەڵقولاوی نێو کوردەوارییە و، بە ئاوی سازگاری کانیاوی لاپاڵی چیاکانی کوردستان ڕسکاوە!! فیدراڵیش لە حوجرەی مەلا و تەکیەی شێخەکانی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە!!

ئەڵێن حزبی کۆمۆنیست حزبێکی چینایەتییە چ پەیوەندییەکی بە کێشەی میللییەوە هەیە، با بۆ ئێمەی بەجێی بهێڵن. لە کاتێکدا ئەزانن ستەمی میللی چ کێشەیەکە بۆ کرێکار، وە چەند زووتر بنەبڕ بکرێت بە قازانجە، هەرچی ئەحزابی قەومپەرستیشە نەك هەر هیچ وەڵامدەرەوەنین بەو کێشەیە بەڵکوو فاکتەری هێشتنەوە و ئاڵۆزکەرین.

ئەڵێن کوردستان کرێکاری تێدا نییە، وەرن واز لە کرێکار بێنن، هەرکاتێك قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی تەواو بوو ئەوکاتە وەرنە سەر باسی کرێکار! وەیان ئەڵێن سەرمایەدار و کرێکار هەر کوردن، هەموو لە ژێر هەڕەشەی لە نێوبردندان، باسی ماف کرێکار هەڵگرن. کەچی بۆخۆشیان ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێك ملکوماڵیان زیادە نەچێتە سەری ئەڵێن توشی قەیرانی ئابووری هاتووین!

ئەگەر هاتوو بە گشت ئەمانەش ملیان دا و وتیان باشە کاکە کوردستان کۆمەڵگایەکی چینایەتییە و حزبی کۆمۆنیستیش با هەبێ، بەڵام ئاخر تەرحی ئەوان واقیعی نییە، ئاخر ئەمریکا و هاوسێکانمان ڕازی نین، ئاخر ڕیفراندۆم بڤەیە! بەو شێوەیە وای پیشان ئەدەن کە ڕیفراندۆم بە مانای تێکوپێکدانی سەرمایەداری و دەسەڵاتی ئەمریکایە!

پاشان ئەگەر لێرەشدا تەنگەتاو کران ئەوسا ئەڵێن خەڵکینە کەس دوای حیزبی کۆمۆنیست نەکەوێت، ئەوان ئەم کارەیان بە جدی وەرنەگرتووە، ئەمە تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێوەیە!

دەی ئەگەر وایە وەرن ئێوە ئەم کارە بە جیدی بگرن!

ئەگەر زانییان ئەمانە هیچی سوودی نییە، ئەوکاتە یاسایەك دائەتاشن بۆ دادگایی کردنیان، تاوەکوو بڵێن ئەها ئێمە چەند یاسایی و مۆدێرنین! کە تەحەمولی ئەمەشیان پێ نەکرا، ئەوسا ڕوی ڕاستیان پیشان ئەدەن و دەس ئەکەن بە کوشتوبڕ!

بەوجۆرە ناسیونالیزمی کورد جورئەت ناکات بە ڕاشکاوانە پلمیك لەسەر مەسائیلی سیاسی ڕاشکاو و ڕۆشنی ئێمە بکات، چونکە دەزانێ بە قازانجی نییە و شکست ئەخوات، بۆیە دێت سیاسەتی شێواندنی ڕاستییەکان، لێکدانەوەی تەرح و سیاسەتەکانمان بەوجۆرەی خۆی ئەیەوێت، بۆئەوەی دوای شێواندن توانای هێرشبردنی هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت هێرش بباتە سەر مەسەلەیەك، ئەیبەستێت بە مەسەلەیەکی ترەوە....

لە کاتێکدا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و قەڵەمبەدەستەکانیان دەستوپێیان بەسراوەتەوە و کەمتر ئەتوانن ئەم پرسیارە ڕوبەڕوی حیزب بکەنەوە، چونکە سوێندیان خواردووە کە یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزن، کەچی عەلی مەحمود خۆی لە جیاتی ئەوان بە لێپرسراو ئەزانێت و دێتە قسە!

یەکێك لەو مەسەلانەی کە ناسیونالیزمی کوردی زۆر نیگەران کردووە تێڕوانینی حیزبە بۆ ناسیونالیزم کە ئەڵێت ناسیونالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەریەت. وا دیارە نوسەریش ئەمە یەکێك بێت لە برینە کۆنەکانی، هەروەکوو دواتریش دەرئەکەوێت!

ناسیونالیستەکان ئەیانەوێت بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی خۆیان بە بزووتنەوەی خەڵکی کورد و ستەمێك کەلەسەریانە پێناسە بکەن! هەر کەسێك خەڵکییان لێ هوشیاربکاتەوە و بڵێت ئەو دووە لێك جیاوازن، ئیتر وەك ئەوەیە بەردی لە کەعبە گرتبێت!

بۆیە نەهاتن پلمیك لەسەر مەسەلەکە بکەن وەك ئەوەی کە باسکراوە، بەڵکوو دەستیان دایە شێواندنی مەسەلەکە تا بتوانن ئیحساسی خەڵکی بۆ هەڵخڕێنن...بە خەڵکیان گوت: ئەها کۆمۆنیستەکان گاڵتە بە کورد ئەکەن! ئەها ئەڵێن خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی شەرمەزارییە! ئەها ئەمانە موشکیلەی کوردیان بۆ موهیم نییە! بەڵێ ئەمانە قسەی کابرایەکی شۆڤێنی فارس ئەڵێنەوە......

بەڵام بۆ هەموو کەسێکی بە ئینساف جێگەی پرسیارە: کرێکاران و کۆمۆنیستەکان کە هیچ زوڵم و زۆر و هیچ چەوسانەوەیەك لە هەر سوچێکی سەر ئەم زەوییە نەك هەر بە قازانجی خۆیان نازانن، بەڵکوو بە ئەرکی خۆیانی دەزانن لەنێوی بەرن.... بۆچی ستەمی میللی سەر کوردیان بۆ موهیم نییە( بە قەولی ناسیونالیستەکان)؟! بۆچی خەباتکردن بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمە شەرمەزاری بێت(وەك ناسیونالیستەکان بە هوشیارییەوە ئەیشێوێنن)؟! ئایا کورد میللەتێکی بەدبەخت و نەگبەتە، یان ئەم کۆمۆنیستانە عاجباتین؟!

نووسەر ئەڵێت: تا ڕوخانی ڕژێمی فاشی عێراق، کە باس لە فیدراڵی ئەکرا، حککع یەکسەر بەرەی دەگرت و دەیووت خیانەتە لە دەوڵەت کەمتر بۆ کوردستان....

ئەمانە شێوازی حزبی کۆمۆنیست نین، نە وەك زاراوە نە وەك تەرح. ئەمانە زاراوە و عەقڵییەتی ناسیونالیزمە..ئەوە ناسیونالیزمە عەقڵییەتی قۆناخبەندی تەرویج ئەکات، وە بە حیسابی خۆی فڵانە

داواکاری کەمە و هی زیاتر داوا ئەکەین!! ئەوە ساتوسەودای ناسیونالیستەکانە عەلی مەحمودیش تێوەی گلاوە، چونکە قسەی ئەوان هەمیشە ئەوەیە کە چۆن قابیلی زیاترن بۆ شەریکبوونەوە لە دەسەڵات، نەك ئەوەی ستەمی میللی چۆن چارەسەر ئەکرێت.

پاشان ئەڵێت: ئەم دروشمە وای کرد چەندین جار لەگەڵ کەسانێکدا لەسەر مێز یەکیان گرتەوە. ئەگەر کوردایەتییەکەی (پ.د.ك) و( ی.ن.ك) شەرمەزاری بوایە، ئەوا ناسیونالیستەکەی ئەوان شەرمەزاری لە چاویەوە بە هەزار ئاو شۆراوەتەوە.

نووسەر دێت لە خەیاڵی شێواوی خۆیەوە تەرحەکانمان سەنگوپێوانە دەکات...

بەپێی تێڕوانینی نووسەر خواستی نەهێشتنی ستەمی میللی کارێکی ناسیونالیستییە، هەربۆیە بەو ئەنجامگیرییە گەیشتووە کە چەندە داخوازییەکەت گەورەتربێت(ئۆتۆنۆمی_ فیدراڵی_ کۆنفیدراڵی_ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ/ هەروەکوو وتمان موعامەلەی ناسیونالیزمە بۆ شەریکبوونەوە) ئەوە ناسیونالیزمەکەت تۆختر ئەبێتەوە، ! یانی حزبی کۆمۆنیست(بە لێکدانەوەی نووسەر) چونکە بۆ ئەو دەمە لایەنگری جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو...لە چاو یەکێتی و پارتی( کە داوای فیدراڵییان ئەکرد) ناسیونالیزمەکەیان تۆخترە!! هەربۆیە ئەگەر یەکێك ئەمە لێکدانەوەی بێت، هەر بەو ئەنجامگیرییە ئەگات کە نووسەر لێی گەیشتووە، یانی ئەڵێت: ئەگەر وامان دانا ناسیونالیزمی یەکێتی و پارتی شەرمەزاری بێت، ئەوا هی حیزبی کۆمۆنیست گەورەترە و گەڕترە!!

ڕاستییەکەی ئەمانە موشکیلەی فکری نووسەر خۆیەتی، ئەگەر جارێکی تر بە نووسینەکانی ئێمەدا بچێتەوە، بۆی ڕوون ئەبێتەوە کە ئێمە خوازیاری چ جۆرە دەوڵەتێك بووین، وە لەسەر چ بنەمایەك ئەو تەرحەمان کردبوو، ئەگەریش سوێندی خواردووە تێی نەگات، بۆ ئەوەی وەك یەکێتی و پارتی ڕێگای هێرش کردن بۆ خۆی بکاتەوە و خەڵکی چەواشە کەن ئەوە ئیختیاری خۆیەتی.

پاشان ئەڵێت: لەبەرئەوەی ئەوان ئامادەبوون لەگەڵیان لەسەر مێزێك دانیشن و گفتوگۆ بکەن، ئەوا شەرمەزارییەکەیان بە ئاوی زمزم بۆ شۆردنەوە.

ئەبێ بەلای نووسەرەوە یەکگرتنەوە لەسەر مێزێك لەگەڵ کەس و لایەن و حیزبێك کە موخالەفەتتان لەگەڵ یەکدی هەیە، وەیان بە ناسیونالیست، ڕیفۆرمیست، کۆنەپەرست، وەیان هەرسیفەتێکی تری سیاسی ناویان بەریت چ مانایەك ببەخشێت؟! لە ڕاستیدا لە دانیشتنی سەرمێزەوە بە تەنها، هیچ ئەنجامگیرییەك ناکرێت نە بەباش نە بەخراپ، هەر ئەنجامگیرییەك لێی لە ڕقێکی مندالانەوە سەرچاوە ئەگرێت، وە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەت و کێشمەکێشی سیاسییەوە نییە.

دانیشتن لەسەر مێز خۆی لە خۆیدا مەسەلە نییە، بەڵکوو قسە و هەڵوێستی سەر مێز مەسەلەیە.

بە کام ئاوی زمزم شەرمەزاری ناسیونالیزممان شۆردەوە؟! وتمان نەخێر، چونکە ئێوە ئامادەن لەگەڵمان دانیشن، سیمینار و پانێل لەسەر ڕێگەچارەی کورد بگێڕن ئەوا ئیتر ئێوە قەومپەرست، کۆنەپەرست، دژی ئازادی، دژی کرێکار، دژی ژن....هتد نین؟! وەیان وتمان ناسیونالیزم شەرەفمەندییە بۆ بەشەریەت؟!

نووسەر ئەڵێت: لەوبڕوایەدابووم هەر حزبی بەعس بڕوخێ ئەم حزبە عێراقییە بە ڕەسەن کوردییە، هەلەکە بقۆزنەوە داروديواری ئەم عێراقە پرکەنەوە بە ڕستەی هەرئێستا دەوڵەتی کوردستان دامەزرێنرێ....

ئاخر ئێمە چ گوناهێکمان هەیە تۆ لەوبڕوایەدابووی؟! کەی ئێمە ئەو وەعدەمان بە تۆدا؟! ڕەنگە لەگەڵ پاسۆك لێت تێکچووبێت!!

عەلی مەحمودیش بە وتنەوەی ئەم حیزبە کوردین و ناوی عێراقییان لە خۆ ناوە...زوڕنای یەکێتی و قەڵەم بەدەستەکانیانی هەڵگرتووە، ئەگەر ئەوان خێرێك لە دوژمنایەتی قەومی و پارچەپارچەیی کرێکاری کورد ئەکەن جەنابت لە پای چی؟!

نوسەر ئەڵێت: ئێستا هەم فیدراڵی کۆنەپەرستانەیە و هەمیش کاتی ڕیفراندۆم نییە و ناشوێرن تەبلیغ بۆ دەوڵەتی کوردستان بکەن، نەك لە بارەگاکانی موسڵ و بەغدا و ناسریە شاربەدەر کرێن...

ئەمانە ڕەخنە و لێکدانەوەی سیاسین یان قسەی بازاڕی؟! تۆ بڵێی ئەگەر لە جنوب باسی جیابوونەوەی کوردستان بکەین، خراپترمان پێ بکەن وەك لەوەی ناسیونالیستی کورد لەسەر هەمان مەسەلە لە سلێمانی پێی کردین؟! دوریش نییە.. چونکە لە نەزەری نوسەرەوە ناسیونالیزمی کورد ئەگەر گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنێ، بەڵام هەرچی ناوەڕاست و خواروی عێراقە بە بۆرژوازی و کرێکارییەوە نەك هەر گۆشتمان ئەخۆن بەڵکوو ئێسکیشمان ئەشکێنن!!

نووسەر دوای ئەوەی لە شیوەنی دەوڵەتی کوردی ئەبێتەوە، ئەچێتە سەر ئەوەی کە چۆن هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیست وێنەی مەنسور حمکەت و لیدەری حیزبی لێ دراوە، بە جۆرێك وێنەکانی کەمتر نین لە وێنەی سەرکردەی حزبە دەسەڵاتدارەکان کە گازندەی دیکتاتۆربوونیان لێ دەکەین... کەچی وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بڵاو ناکرێتەوە...

ڕێکەوتێکی سەیرە! ماوەیەك پێش ئێستا لەگەڵ چەند کەسێکی سەر بە یەکێتی کەوتینە قسەوباس، یەکێك لەو مەسەلانەی کە باسیان کرد ئەمە بوو کە بۆچی ئێوە وێنەی ڕابەرەکانتان لە ڕۆژنامەکانتان ئەدەن!

بەڵێ ئەمانە لە لای خۆشیانەوە و ناڕاستەوخۆ دانیان بەوەدا ناوە کە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕابەرانی خۆیان نۆرماڵە، چونکە یەکجار ئەوان نوێنەری سەرمایەدار و دژی بەرابەری ئینسانەکانن، بەڵام بۆ حزبی کۆمۆنیست نەشیاوە، چونکە ئەوان لایەنگری کرێکار و یەکسانی بەشەرن، چۆن ئەبێت ڕابەرانیان ئیبرازکەن، گوایە ڕابەرانیان لە خەڵکی زیاترن؟!

عەلی مەحمودیش چۆتە هەمان خووی ئەوانەوە...

نووسەر واپیشان ئەدات کە بڵاوکرنەوەی وێنەی ڕابەر و کادران لە دیکتاتۆرییبوونەوە سەرچاوە ئەگرێت، نەك ئەوەی ئەگەر ڕابەرانی بزووتنەوەی دژی ئازادی و کرێکار و سۆسیالیزم بۆ خەڵکی ناسراوون، دەبا لە بەرامبەر ئەوانیشدا ڕابەران و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و کرێکار و سۆسیالیزمیش بناسرێت! ئەگەر بۆ خەڵکی کۆمەڵی چینایەتی پڕ لە زوڵم و چەوسانەوە مەعلومە، دەبا کۆمەڵی بێ چین و ڕەها لە زوڵم و چەوسانەوەش ڕۆشن و بەرجەستە بێت!

ئەمانە پێیان خۆشە کۆمۆنیستەکان لە سونەتی چەپی_سوننەتی دەرنەچن و هەر لە سوچ و کەنار و ژێرزەمینەکاندا بن! هەر هەوڵ و هیمەتێك بۆ گێڕانەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ جێگای سروشتیی کۆمەڵایەتییان، بۆ ئەوان مایەی ناڕەحەتییە و، ئەبێ لەگەڵ تەبلیغی چەواشەکارانەیان بەرەوڕوو بێتەوە.

ئەمانە بۆخۆیان بە ڕەوای ئەزانن ڕابەران و کادرانیان بناسرێن، بەڵام بۆ ئێمە نەخێر! ئەمانە پێیان خۆشە ڕابەران و کادرانی کۆمۆنیست هەر تارمایی بن، کەس نەیانناسێ، خەڵکی هەر لە مێشکی خۆیاندا وێنایان بکات!

**له هەمووی سەیرتریش ئەوەیە نووسەر بۆئەوەی نیەتی خۆی بشارێتەوە و لەلای خەڵکی وەك مودەعییەکی شەرعی خۆی پیشان بدات، هاتووە مەئساویترین کارەسات بە نموونە ئەهێنێتەوە کە گۆڕە بە کۆمەڵەکانە، بۆئەوەی وێنەی ڕابەرەکانمان پیّ لابدات، وەك بڵێی لە ڕۆژنامەکەماندا هیچ جێگایەکی تر نەماوەتەوە کە وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی لیّ دابگرین بە غەیری ئەو جێگایە نەبێت کە وێنەی مەنسور حیکمەت و لیدەری حیزبی لیّ دانراوە!!**

**باشە کاك عەلی بەڕێز ئەگەر یەکێتییەکان ئەم جۆرە قسانە ئەکەن مەبەستیان مەعلومە، بەڵام چەپێکی وەك جەنابت مەبەستت چییە؟! ڕەنگبیّ مەبەستت هەر چاکە بێت( تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا..هیچ هەقت نەبیّ لای خوا نوسراوە)!**

**نووسەر لە شوێنێکی تردا شیکردنەوەیەکی سیاسی ئەداتە دەست و ئەڵێت: لە ئۆکتۆبەری ژمارە** 60 **وێنەیەکی بتەکەی دیکتاتۆر بە ڕوخاوی بڵاوکراوەتەوە کە یەکەم وێنە و دوا وێنەیە لە ئەدەبیاتی حزبی بڵاوبکرێتەوە، بە کوردی دەردەچێت، بەڵام لە ژمارە** 82 **ی شیوعییە عومالی کە بە عەرەبی دەردەچێت لە بری بتە ڕوخاوەکەی سەدام وێنەی تانکێکی ئەمەریکی نیشان دراوە. کە هەردوو ژمارەکە ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی دیکتاتۆر دەرچوونە، کاتی دەرچونیان زۆر نزیکە لەیەکەوە. ئەمەش دەربڕی ئەوەیە دەزانن شەقامی کوردی پێخۆشحاڵە بە داڕمانی حکومەتی فاشی وە بۆ سەرنج ڕاکێشانی شەقامی عەرەبی عێراقی بەوەی تانکەکانی ئەمەریکا گرنگترە لە ڕوخانی وێنەکەی سەدام ئەم کارە ئەنجام دراوە.**

**نووسەر لەم شیکردنەوەیەدا ئەیەوێت بڵیّ حزبی کۆمۆنیست سیاسەتی خۆگونجاندن بە ڕێوە ئەبات..بەپێی ئاووهەوای زاڵ مامەڵە لە تەك ڕوداوەکاندا ئەکات، وەیان بە مانایەکی تر پابەندی پرانسیپ نییە!!**

**ڕەنگبێت هیچ کەسێك نەبێت ئەوە نەزانێت کە ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەر حزبێك دروست بێت بۆ حزبی کۆمۆنیست ناتەواوە. تاکە حزبێك لە کوردستان بە پێچەوانەی تەووژمی باو بێت ئەم حیزبەیە، ئەمەش ناسنامەی شۆڕشگێڕبوونیەتی. ڕەنگبیّ نووسەر پێی وابێت حزبی کۆمۆنیست وەك حزبی شیوعی کوردستانە لە هەولێر لایەنگری لە پارتی و لە سلێمانی لایەنگری لە یەکێتی بکات. بەڵام ئەوەی بۆ خوێنەر پرسیارە ئەوەیە: کە بۆچی حزبی کۆمۆنیست تەنها ئەو وێنەیەی بڵاوکردەوە هەروەکوو نووسەر ئەڵێت کە یەکەم و دوا وێنەیە لە ئەدەبیاتی حزب بڵاوبێتەوە، لە کاتێکدا کە ئەزانن (بە قەولی نووسەر) بڵاوکردنەوەی وێنەی پەیکەرە ڕوخاوەکەی سەدام لە کوردستان کڕیاری زۆرە؟! بە حیسابی ئەو شیکردنەوەیە بێت ئەبوو لە هەموو ژمارەیەکدا وێنەیەکی لەو جۆرە بڵاوبکاتەوە!**

**وادیارە نووسەر پێی وایە خوێنەرانی کورد بە تەنها سەیری وێنەی ناو ڕۆژنامەکان ئەکەن و ئەو وتار و بەیاننامانەی کە هەڵوێست و سیاسەتی ئەم حزبە بە ڕۆشنی تێدا بەیان کراوە ناخوێننەوە، تۆ بڵێی وتار و بەیاننامەکانیش بەگوێرەی کەشوهەوای زاڵی کوردستان نەنوسرابێت؟!**

**نووسەر دواتر بە تەواوی دەستی خۆی ئاشکرا ئەکات و ئەڵێت: تاوانەکانی بەعس بچوك ئەکرێتەوە، تاوانەکانی پارتە کوردییەکان گەورە ئەکرێتەوە...**

**ئیتر نووسەر لێرەدا هەستی کوردپەروەری پەتی تەحەمولی ئەپچڕێنیّ و هاواری لیّ هەڵئەسیّ...چونکە پێی وایە یەکێتی و پارتی هەرچییەك بن کوردن، چۆن ئەبێت حەیای کورد بەریت؟! هەربۆیە دواتر خاڵ**

ئەخاتە سەر پیتەکان و ئەڵێت: بەشی زۆری بابەتەکان بۆ ناشرینکردنی جولانەوە سیاسییەکانی کوردستانە!

لە ڕاستیدا ئەمە ئەسڵی مەقسەدە بەلای نووسەرەوە.. بەڵام ئەو لە هەموو نووسینەکەیدا یەك شێوازی گرتۆتەبەر، ئەویش چۆن بتوانێت داکۆکی لە شتێك بکات کە بۆی ئاسان نییە خوێنەر چەواشە بکات ئەگەر بێت و نەیبەستێت بە مەسەلەیەکی ترەوە، بەمەرجێك ئەو مەسەلەیەی تر بە جۆرێك بێت کە ئیحساسی خوێنەری پێ ببزوێنێ( وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بۆ بەراورد لە گەڵ وێنەی ڕابەران، تاوانی بەعس بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانی حیزبە کوردییەکان) لە هەموو حاڵەتەکاندا شیوەنی ئەو بۆ دووەمیانە نەك یەکەم.

ئایا نووسەر نازانێت هەڵوێستی حزب لە سەر حکومەتی بەعس چییە؟! ئەمە ڕێك وەك ئەو بیانووەیە کە یەکێتی لە ئێمەی ئەگرێ و ئەڵێت: بۆچی ئێوە بەتەنها ڕەخنە لە ئێمە ئەگرن و لە پارتی ناگرن؟ لە کاتێکدا زۆر چاك ئەزانن ڕەخنەی ئێمە لەوانیش چییە! بەڵام یەکێتی مەبەستی ئەوەیە بڵێت: ئەوە بۆچی ئێمە بە باشتر نازانن وەك لە پارتی؟!

من نازانم یەکێتی و پارتی پێویست بە ناشرینکردن ئەکات؟! وەیان بە جۆرێکی تر: ئێمە ئەوانمان ناشرین کردووە، وەیان خۆیان خۆیان ناشرین کردووە؟!

لە جێگایەکی تردا نووسەر ئیجازەمان پێ ئەدات و ئەڵێت: بستێك بەبان کردارە دزێوەکانی دەسەلاتدارانی کورد باز مەدەن! بەڵام یەکسەر پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێت: هەمووشت بە خوێ خوێش بەمانا. یانی خاتریان بگرن هیچ نەبێت کوردن!!

ئەوندەی نووسەر بەتەنگ حەیسیەتی حیزبە کوردییەکانەوەیە ئەوەندە خۆیان بەتەنگییەوە نین! بڕوانە لە جێگایەکی تر ئەڵێ چی:

لە ژمارە 83 باسی خۆپیشاندان دژ بە دزی و ڕاووڕوتی پێشمەرگە دەکات(وەك پێشمەرگە چەکداری کورد) بۆ ڕیسواکردنی ئەو وشەیە لەناو گەلی عەرەب تا سەرنجیان بۆ خۆ ڕاکێشێت. بەڵام هەواڵێك لەو دزییە نییە کە هەموو عێراقی گرتۆتەوە.

دیسانەوە نووسەر هەمان شێوازی بە کارهێناوە وەکوو پێشتر لێی دواین! دیارە نووسەر مەبەستی ئەوەیە باسی دزی و ڕاووڕوتی حیزبە کوردییەکان نەکرێ، لە ناو حیزبە کوردییەکانیش مەبەستی یەکێتی و پارتییە(چونکە لە مەسەلەی ڕاووڕوت باسی حزبە کوردییەکانی تر نییە) بەڵام نووسەر جورئەت ناکات پەنجە بخاتە سەریان، بۆیە هەموویان لە یەك ئەپێچێ و ئەڵێ حزبە کوردییەکان. نووسەر بەم کردەوەیەی ئەو حزبە کوردییانەی کە ناویان لە ڕاووڕوت نییە ناویان ئەخاتە لیستەوە، وە بەمە باری ئەوانەی ناویان هەیە سووك ئەکات!

مەسەلەی دزێتی مەعلومە هەموو عێراقی گرتۆتەوە، بۆئەوەی نووسەر هۆشێکی بێتەوە ئەوە ئەڵێین دزێتی هەر لەناو ئەو حزبانەدا نییە، بەڵکوو لە ناو عەرەب و لە هەموو دنیادا هەیە. بەڵام ئەگەر مەبەستی عەلی مەحمود ئەوەیە کە بڵێین هەموو دنیا دزێتی تیایە بە غەیری ئەو دوو حزبە کوردییە نەبێ، ئەوە داوای لێبوردن ئەکەین، مەگەر کاتێك ئەوان حازر بوون لەگەڵمان لەسەر مێزێك دابنیشن(ئاماژەیە بە قسەیەکی عەلی مەحمود کە پێشتر لێی دوواین)!!!

ئاخر ئەگەر نووسەر مەبەستی دزێتی و ڕاووڕوتە(چونکە مەسەلەی سوتاندن، شکاندن، تێکدان و ڕوخاندن، مەسەلەیەکە ئەنجامدەرانی مەبەستیان سوودی شەخسی نییە) ئەوە وەك وتمان مەعلومە هەموو

عێراقی گرتۆتەوە، بەڵام کام حزب و لایەن تاوانبار ئەکەیت؟ ئەوەی دەرئەکەوێت ئەبوو تەحسینەکانن ئەو کارە ئەکەن، جا ئەگەر باندی تر و حیزبی تریش ئەوە ئەکەن ئەوە لێك جیا ناکرێنەوە.

بەڵام هەرچی دزێتی یەکێتی و پارتییە ئەگەر کاك عەلی لێمان زویر نەبێت شتێکی ترە! چونکە ئەمانە هێزی چەکداری ڕێکخراوی حیزبێکن بە ناوونیشانەوە، بە ئاڵای زەرد و سەوزەوە، هەر کارێك ئەکەن ئەو حیزبە و ڕابەرایەتییەکەی لێی مەسئولە، بەڵام کێ لە ئەبوو تەحسینەکان مەسئولە؟! لەمەش قەباحەتتر ئەوەیە ئەمانە چونەتە شاری موسڵ و کەرکوك بەناوی هێزی ڕزگارکەر و مەسیحی زەمانە، کەچی کەوتنە فڕکانفڕکانی پارەی بانك و سەیارە و دەزگای فەرمانگەکان و بگرە سەرماڵانیش! ئاخر ئەگەر ئەبوو تەحسینەکانی عەرەب و تەحسینەکانی کورد خاوەن پانکەیەك نین و پێیان وایە فرسەتی لەمە باشتر نادۆزنەوە، ئێ خۆ یەکێتی و پارتی حکومەتن و قەرارە بانك و سەیارە و دامودەزگاکان تەسلیم بەوان بکرێ؟!

من نازانم عەلی مەحمود لە سەتەلایتەکانەوە فڕکانفڕکان و میل هێنانەوەی چەکداری شەرواڵ لە پێی پارتی نەبینی لە شاری موسڵ، وە هەموو دنیاش نەیانی بینی؟! ئەبێ بۆچی عەلی_یەکی بەلەنگاز بێت و داکۆکی لەو پێشمەرگە کوردە بکات؟! ئەبێ لەو پارەیەی موسڵ چەندی بەرکەوێت؟! ئەمیش هەر ڤی سەبیل؟!

ئاخر من نازانم کاك عەلی بۆ خۆی ئەکاتە مەسخەرە، مەگەر نازانێت سەرۆکی دزەکان خۆیان بەڕەسمی ئیدانەی ئەو کارەیان کرد، هەتا ئەگەر بۆ سڕینی ئارەقی نێوچاوانیش بێت؟!

بەڕاستی سەیرە! ئەمە چۆن چەپێکە؟! کاسە لە چێشت گەرمترە!!

ئاخر سەیرە! نووسەر دێت سەرزەنشتی ئێمە ئەکات کە بۆچی وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان بڵاو نەکردۆتەوە، لەولاوەش دێت داکۆکی لە چەکداری ئەو حزبانە ئەکات و ئەڵێت ئەیانەوێت وشەی پێشمەرگە ڕیسوا بکەن! مەگەر نووسەر نازانێت ئەنجامدەرانی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە ئەو هەموو موستەشار و سەرەك جاشانە بوون کە ئێستا لە ناو ئەو حیزبانەن و ناویان پێشمەرگەیە، نەك هەر پێشمەرگە بەڵکوو مەسئولی پێشمەرگەشن، وەیان پێیان دەووترێت: هەڤاڵان، برادەران!!

ڕەنگە ئێستا کاك عەلی عیتابم لێ بگرێ و بڵێ: ئاخر بۆ باسی موستەشاری کورد ئەکەیت، بۆ باسی عەلی کیمیاوی ناکەیت؟!

لە کۆتاییدا نووسەر فشارمان بۆ ئەهێنێ کە ڕەخنەکانی قبوڵ کەین و ئێمەش بچینە سەر ئەتواری ئەو، دواتر ئەڵێ: هەرچەندە پرانسیپی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن ئەو پرانسیپە بوو تا ئێستا نەك ئێوە زیندەوەری خوا نەیکردە پراتیك.

جا ئەگەر وایە.. بۆچی بە ئێمە تەجروبەی ئەکەیت!!

سالار ڕەشید

سویسرا

5/7/2003